مێردەکەی ئەمیرێکی ئیسلامی بوو

یاداشتی ژمارە ١٤

من دەڵێم دایک ئەنبارێکی پڕ فەرهەنگە و دامەزرێنەری دیرۆکی شارەستانییە ، ئەوەی باوک پێی ناکرێ، ئەو دەتوانێ بیکا. چەندان باوک دەناسم، کۆچێ منداڵیان دابوو بەسەر ژنەکانیاندا، خۆیان ڕویان لە شاخ کردبوو، هەندێکی دیش لەجێی چاکە دانەوەیان، کە پێلاوی لاسیکیان فڕێ دا و هاتنەوە ناو شار، کە کچی کەمەر باریک و مەمک قوتی ئەوروپایان بینی، ژنی دووەم و سێیەم و چوارەمیشان هێنا بەسەریاندا و خەباتی سەرەکییان بوو بە قژ و ئەبرۆ ڕەنگ کردن و خواردنی حەبی ڤیاگرا، دەها ژنی دیشیان لە سەر ئابڕو دابە کوشتن..

دایە فاتمە، خۆی دایە فاتمە بوو، دوای ئەوەی مێردەکەی لە ڕێگەی دابەزین، بۆ هەڵەبجە لە ناوەڕاستی سالانی هەشتای سەدەی پێشو، خۆی دەکاتە ئەمیرێکی موسڵمانان و شەهید دەبێ، پێنج منداڵ دەکەوێ بە سەریدا. لەو ئۆردوگایانەی ئێراندا، بێ ئەوەی کەسێک دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکا، بە نانکردن و هەزار دەردە سەری، جگەرگۆشەکانی پێ دەگەیێنێ. لەم ڕۆژانەدا بیستم کچێکی بڕوانامەی دکتۆرای هێناوە، یەکێکی دییان ژورنالیستە و ئەوانی دیش هەروەها، بە مەرجێ ئەو دایکە، نە خوێندەوار بوو و کتێبێکیشی بۆ لولەی پاقلە فرۆشتن لەماڵیدا چنگ نەدەکەوت.

دایکم لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا، دوای پەروەردەکردنی هەشت منداڵ، دەساڵی دوایی، بەبێ باوکم،(باوکم لە ساڵی ١٩٨٠ تاکو ١٩٩١ لە شاردا گیانی خۆت تەرخان کردبوو بۆ سەر خستنی چینی کرێکار) توانی ئەڤینی دایکانەی خۆی بەشی هەمووومان بدا. بەبێ ئەوەی جارێکی دی ببینم، کوچی دوایی کرد، تا ئێستاش ئەو ڕۆژەڤە، سەرە شمشێرکی دوو سەرەیە، چەقیوەتە دڵم و دەرنایێتەوە. باوکم هێندە ئاشقی کتێب و نووسین و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بوو، هەرچەندە زۆریشی پێ نەکرا، هێندە نەی دەپەرژایە سەر ئێمە. من ئەوە، ناو نانێم ئەزمونێکی تاڵ. ئەوە جێگەی شانازی دایکیشم بوو. من گلەیی لە هیچیان ناکەم، ئەوەندەیان لێ دەزانی. باوکم هەر هیچ نەبێ فێری وانەی یەکسانی کردم کە مرۆڤەکان وەک یەکن، هەر بۆیەش لەماڵدا، بۆی بکرایا، هاوکاری دەکرد..

باوک هەبوو، لە سەر قومار، کچەکەشی دەدۆڕاندا، هەبوو خەریکی کەو بازی بوو. لەبیرمە لە ئۆردوگای هەزارخانی* لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نزیک مەریوان، کابرایەکی خەڵکی ناوچەی خۆمانی لێ بوو، دەنگی کەوەکانی بە سەد وشەی نەرم ونیانی ژنەکەی نەدەگۆڕییەوە. ئەو پیاوە کە دەچووی بۆ لای، باسی بەقەکانی* نەدەبڕییەوە کە چۆن کەوە مێیەکان دەخەنە داوی دڵداریان و ئەویش دەیانگرێ. تەنانەت لە پەنا جێگەکەی خۆی دای نابوون. ژن و منداڵەکەشی لە هەیوانەکە دەخەواند، دەتوت بە هەڵە لە ڕەگەزی مرۆڤە، باڵی هەبوایە دەفڕی. وەک خۆی دەیوت، دەیزانی کام کەو نێرە، کامیان هێلکە دەکا و کەی ئاشقی یەکتر دەبن.

ئاگادارم، باوکێکی دی دەوڵەمەند ، چەندان جارە، کلیلەکەیی مەککەشی ماچ کردوە، بەڵام نە خۆی نە ژنەکەی، هێندەی ساتێکی دایە فاتم، نەیانتوانیوە، منداڵەکانیان فێری وەفا و ئەمەک بکەن، وەک کارتی تەلەفۆن، کە پارەیان لی بڕا، پێوەندی دەبڕن. بۆیان بکرێ دنیا بۆ قازانجی خۆیان بە عانەیەک دەفرۆشن.

بڕێک لە پیاوانی هاوڕەگەزم، ژنان وەک ئامرازی بەتاڵکردنەوەی خۆیان سەیری دەکەن. هەزاران ناتۆرەی ناشیرن بۆ کچانی گەریلا. لە خۆرئاوا و باکور دەڕێسن. ژنانی ئەو دەڤەرەی وڵات، نەک هەر فەرهەنگێک لە ئەوینیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، بەڵکو وا کۆشکێکی پڕ سۆز بۆ نیشتمان دروست دەکەن، کە پیاوانی باشوور پەنجا ساڵە نەیانتوانیوە، چەند خڕە بەردێکیش بۆ بناغەکەی پەیدا بکەن و هەنووز لە سەر دۆشکڵەی دەسەلات شەڕە دەنووکیانە.

ئاسۆ بیارەیی پایزی ساڵی ١٩٩٤
نوێکردنەوەی ٣٠ شەشی ٢٠١٥
بەشێک لە کتێبی چاپ نەکراوی(سەد هەسارەی یاداشتەکان)